پەرتووکی

زەکات

مەلا محمود گەڵاڵی

2020

پەرتووكی

زەكـــات

نووسینی

مەلا محمود گەڵاڵی

أربیل _ كوردستان

١٤٤١هـ	٢٧٢٠ك	٢٠٢٠م

بسم الله الرحمن الرحيم

كتاب الزكاة

پەرتوكی زەكات

الحمد لله العلي الكبير العظيم القدير والصلاة والسلام على البشير النذير وعلى آله وصحبه أجمعين أما بعد:

بەرێزان :

بێگومان زەكات روكنی سێ یەمی ئاییبنی ئیسلامە،وە بە قورئان وفەرموودە وئیجماعی زانایان فەرزی عەینە لەسەر هەر موسلمانێك كە خاوەنی مال و سامان بێت بەو مەرجانەی كە لە مەودوا باسیان دەكەین.

بەڵگەی واجب بوونی زەكات لە قورئان: (وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَارْكَعُوا مَعَ الرَّاكِعِينَ) .(43)البقرة . واتە: نوێژەكانتان بەتەواوی بكەن و زەكات بدەن وە لەگەل نوێژخوێنان نوێژ بكەن .

بەلگەی واجب بوونی زەكات لە فەرموودەی پێغەمبەرمان: «بُنِـيَ الإسْلامُ عَلَـى خمْسٍ: شَهَادَةِ أنْ لا إلَـهَ إلا اللهُ وَأنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ الله وَإقَامِ الصَّلاةِ، وَإيتَاءِ الزَّكَاةِ، والحَجِّ، وَصَوْمِ رَمَضَانَ». متفق عليه[1].

واتە: ئاییبنی ئیسلام لەسەر پێنج پایە بونیات نراوە: شایەتمانی كە هیچ خودایەك نیە جگە لە زاتی الله ،وە موحەممەد نێردراوی خودایە ،وە ئەنجامدانی

([1]) **متفق عليه**، أخرجه البخاري برقم (٨)، واللفظ له، ومسلم برقم (١٦).

نوێژ، وە زەكات دان ، وەحەج كردن ، وە بەرۆژوو بوونی مانگی رەمەزان .

هەروەها پێغەمبەرمان كە مەعازی كوری جەبەلی رەوانەی یەمەن كرد ،پێی فەرموو : («**ادْعُهُمْ إِلَى: شَهَادَةِ أنْ لا إِلَهَ إِلا اللهُ وَأنِّي رَسُولُ اللهِ، فَإِنْ هُمْ أطَاعُوا لِذَلِكَ، فَأعْلِمْهُمْ أنَّ اللهَ قَدِ افْتَرَضَ عَلَيْهِمْ خَمْسَ صَلَوَاتٍ فِي كُلِّ يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ، فَإِنْ هُمْ أطَاعُوا لِذَلِكَ، فَأعْلِمْهُمْ أنَّ اللهَ افْتَرَضَ عَلَيْهِمْ صَدَقَةً فِي أمْوَالِهِمْ، تُؤْخَذُ مِنْ أغْنِيَائِهِمْ وَتُرَدُّ عَلَى فُقَرَائِهِمْ**»). متفق عليه[1].

بانگیان بكە بۆ شایەتمانی دان بەدل و زمان : كە هیچ خودایەك نییە جگە لە زاتی الله ،وە من رەوانەكراوی خودام، ئەگەر بەگوێیان كردی و پابەندبوون ، ئەوا فێریان بكە و پێیان رابگەیەنە كە خودا لە شەو و رۆژێكدا پێنج نوێژی لەسەر فەرز كردوونە ، ئەگەر بەگوێیان كردی و پابەندبوون ، ئەوا فێریان بكە و پێیان رابگەیەنە كە خودا لە مال و سامانیان سەدەقەیەكی (مەبەستی زەكاتە) لە سەر فەرز كردوونە، لە دەولەمەندەكانیان وەردەگیرێت و دەدرێت بە هەژارەكانیان.

([1]) **متفق عليه**، أخرجه البخاري برقم (١٣٩٥)، واللفظ له، ومسلم برقم (١٩).

زەكات نەدان

زەكات نەدان لە گوناهە گەورەكانە، ئەگەر زەكات نەدەر باوەری نەبێت بە واجبی زەكات ئەوە كافر دەبێت بە ئیجماعی زانیان. بەلام ئەگەر هەر لەبەر تەمبەڵی و رەزیلی بێت كافر نابێت حاكمی موسلمانان بە زۆر زەكاتی لێدەستێنی بۆ ئەهلی زەكات.

پێناسەی زەكات

لەزمانی عەرەبی زەكات بە مانای گەشەكردن وبەرەكەت وپاك بوونەوە دێت. وەلەشەریعەتی ئیسلام بریتی یە:لەدەركردنی ئەندازەیەكی دیاری كراو،لە مال وسامانی دیاری كراو،بۆكەسانی دیاری كراو،كەشەرع دیاریكردوونە بەنیەتی خودا پەرستی .

– وەبۆیە ناوی نراوە زەكات چونكە مالەكە پاك دەكاتەوە ،وە دلی خاوەنەكیشی پاك دەكاتەوە لە ژەنگی رەزیلی و خۆش ویستنی مال و سامان ،وە دلی هەژارانیش پاك دەكاتەوە لە رق و قینە لە دەولەمەندان.

وەك لەم ئایەتە پیرۆزە خودا فەرمان دەكات بە پێغەمبەرمان : (خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِمْ بِهَا) (١٠٣) التوبة. واتە :ئەی پێغەمبەری خۆشەویست : لە مال وسامانی ئیمانداران زەكات وەربگرە بۆ ئەوەی مالەكانیان پاك بكەیتەوە و خۆشیان پاك بكەیتەوە لە پیسی رەزیلی پارەپەرستی . وە پێغەمبەری خوداش فەرموویەتی: (ما نَقَصَتْ صَدَقَةٌ مِن مالٍ،) رواه مسلم ٢٥٨٨. واتە: بەهیچ چەشنێك سەدەقە وخێر مال و سامان كەم ناكاتەوە .

كاتی واجب بوونی زەكات

١-زەكات لەسەرەتای ئیسلامەتی لە شاری مەككە واجب كرا ،بە شێوەكی گشتی ، نە ئەو شتانە دیاری كرابوون كە زەكاتی لێبدەن ،وە نە ئەو ئەندازە دیار كرابوو كە بیدەن بە هەژاران ، موسلمان بە گوێرەی قەناعەت و دەسەلاتی خۆی هەر مال و سامانێكی خودا پێیدابوو لێی دەبەخشی و خێر و سەدەقەی دەكرد ،وەك لەم ئایەتە خوا باسی سیفەتە جوانەكانی ئیماندارا دەكات دەفەرمویٚ:
(وَالَّذِينَ فِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ مَعْلُومٌ ، لِلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ) (**المعارج:٢٤- ٢٥**).

واتە: ئەو بروادارانەی لە مالەكانیان مافێكی زانراو هەیە ، بۆ كەسانی لە بەر پێویستی سوال دەكەن و بۆ نەداران .

٢-تا سالی دووەمی هیجرەت لە مانگی (شەعبان) یان (شەووال) ئەوكاتە حوكمەكانی زەكات بە روونی بۆ موسلمانان دیاری كرا ، ئەو شتانە دیاری كرا كە زەكاتیان لێدەكەوێت ، لەگەل بری زەكاتەكە ، و ئەوانەی شایستەی زەكاتن .

٣-وە لەسالی نۆی هیجری پێغەمبەر ﷺ بۆ یەكەم جار فەرمانبەری تایبەتی نارد بۆ كۆكردنەوەی زەكات، سندوقی زەكاتی دانا وەك سیستەمێك بۆ دەولەتی ئیسلامی ،دوای هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە :

ا-(خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِمْ بِهَا) (١٠٣) **التوبة.**

واتە : زەكاتێكیان لیٚ وەربگرە لە مال و سامانەكانیان كە مالەكەیان پاك بكاتەوە وە دل ودەرونیشیان لە رەزیلی و خۆشەویستی مال وسامان .

ب- (إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حكيم) التوبة ٦٠.

واتە: بەراستی زەکاتەکان تایبەتە و مولکی نەداران و هەژاران و فەرمانبەرانی کۆکەرەوەی زەکات و ئەو موسلمانانەی دلیان رادەگیریێ بۆ بەهێز بوونی ئیسلامەتیان و ئەوکۆیلانەی دەیانەویێ ئازادبن و قەرزداران و موجاهیدانی خۆبەخش وریێبوار انە .

بەرێزان: لەم نامیلکە ، پوختەیەکی جوانی حوکمەکانی زەکات لە ئیسلامدا روون دەکەینەوە، بەچەشنێك هەموو خەلك بتوانیێ سوودی لیێوەربگرێت.وە هەنگاوێك بێت بۆ ئاسانکردنی فیقهی ئیسلامی، وە برەودانیش بێت بە مەزهەبی ئیمامی شافعی رەحمەتی خوای لیێبێت .

هەروەها لەسەر داوای هەندێك لە مامۆستاو قوتابیانی زانستە شەرعیەکان ،کەمێك ئامازە بەرای جیاوازی زانایان دەکەین بە مەبەستی دەولەمەند کردنی بابەتەکە و ئاشنابوونی خوێنەران ،بە بۆچونی زانایان .

تا رادەیەك گرنگی بە بەلگەی بابەتەکان دەدەین، وە ئامازە بە سەر چاوەی دروست بوونی رای جیاواز دەکەین .

دەستپێك:

بەرێزان: لە پێناو ئاسانکردنی بابەتەکە، بۆ ئەوەی خوێنەر بەئاسانی بگاتە مەبەست، بە چاکم زانی هەندێك روونکردنەوە بۆ زاراوە سەرەکیەکانی بابەتی زەکات بە تایبەتی مەرجە گشتییەکانی واجب بوونی زەکات روون بکەمەوە .

مەرجە گشتیەکانی واجب بوونی زەکات بریتییە لە :

مەرجی یەکەم ئیسلامەتی

زەکات لەماڵی کافر واجب نییە ،چونکە زەکات عیبادەتە ،لەکەسی بێباوەر نایەتە دی .

بەلام کەسی هەلگەراوە لە ئیسلام (مرتد) ئەگەر پەشیمان بۆوە لە کوفرەکەی هاتەوە ناو ئیسلامەتی ،دەبێت زەکاتی سالانی رابردوو بدات .

تێبینی : لەلای هەندێك لەزانایان بەتایبەتی حەنەفیەکان پێویستە خاوەن ماڵ (عاقل و بالغ) بێت ئەو کاتە زەکات لەماڵەکەی فەرز دەبێت واتە شێت و منداڵ بەلای ئەوان زەکاتیان لەسەر نیە هەرچەند دەوڵەمەندبن....

بەلام بەلای زۆربەی زانایان(مالیك و شافعی و ئەحمەد) زەکات لەماڵ و سامانی مندال و شێت واجبە چونکە زەکات عیبادەتێکی مالی یە پەیوەندی بە ماڵ و سامان هەیە نەك بە عەقل و بلوغ، واجبە لەسەر ئەو کەسەی (وەلی) یانە سەرپەرشتیان دەکات هەڵبستێت بە دەرکردنی زەکات لەماڵی منداڵ و شێت....وەبەلگەی جمهور بەهێز ترە هەروەك ئیمامی عومەریش فەرموویەتی :

(اتجروا بأموال اليتامى لا تأكلها الزكاة) رواه الدارقطني والبيهقي وقال : إسناده صحيح.

واتە : بازرگانی بە سامانی بیٚ باوكان بكەن ، با زەكات نەیخوات .

تیٚبینی: بەلای (حەنەفیەكان) زەكات لە سامانی رووەك و ئاژەڵی منداڵ و شیٚت واجبە ئەم مەرجە تەنها بۆ ئاڵتون و زیوو پارەیە لەلایان .

مەرجی دووەم (ئازادی)

واتە كۆیلە نەبیٚت ، چونكە كۆیلە خۆیی و هەرچی هەبیٚت مولكی خاوەنەكەیەتی .

مەرجی سیٚیەم مالەكە گەیشت بیٚت بە (نیصاب)

نیساب ژمارەیەكە یان پیٚوانەیەكە ،ئەندازەیەكە شەرع دیاری كردووە، بۆ گەیشتن بە واجب بوونی زەكات ، لە ئاژەلان ئەگەر لەو ژمارەیە كەمتر بیٚت زەكاتی لیٚناكەویٚت ،وە لە پارەو زیٚر و زیو بە ژمارەو كیٚشە(وزن) ،وە لە میوەو دانەویٚلە بە پیٚوانەیە .

رونكردنەوە:

نیسابی ئاژەل

أ–نیسابی حوشتر بۆ زەكات لیٚ واجب بون پیٚنج دانەیە ،لە پیٚنج حوشتر كەمتر زەكات نییە .

ب– نیصابی مەروو بزن بۆ زەكات لیٚ واجب بوون ٤٠ سەرە ،لە ٣٩ سەر زەكات واجب نییە .

ج– نیسابی رەشە ولاغ بۆ واجب بونی زەكات ٣٠ە سەرە ، لە ٢٩ سەر زەكات واجب نییە.

نیسابی زێر و زیو

نیسابی زێر بۆ زەکات لیٚ واجب بوون ٢٠ میسقالی شەرعیە کە دەکاتە ٨٥ گرام بە کێشی ئەمرۆ،کەمتر لەم ئەندازە زەکات واجب نیە .

میسقالی شەرعی بە کێشی ئەمرۆ دەکاتە (٤،٢٥ گرام) بۆیە ٢٠ میسقالی شەرعی کەمتر لە ١٥ میسقالی بازاری ئەمرۆیە . وە نیسابی زیو بۆ زەکات لیٚ واجب بوون ٢٠٠ درهەمی زیوە دەکاتە ٥٩٥ گرام ،وە ١٤٠ میسقال زیو ، ئەگەر لەم ئەندازە کەمتر بوو زەکاتی لیٚ واجب نیە .

نیسابی رووەك

نیسابی دانەوێلە و میوە بۆ زەکات لیٚ واجب بوون، پێنج ویسقە ،کە دەکاتە ١٦٠٠ ریتل بەپێوانەی کۆن ،وە بەکێشی ئەمرۆ نزیکەی ٦٥٠ تا ٧٠٠کیلۆگرامە ،وەبە پێوانەی کۆنی کوردەواری ٤٠ تەنەکەی گەورەی ١٦ کیلۆیی بوو .

ئەگەر بری داهاتەکە لەوە کەمتر بوو زەکاتی لیٚ واجب نابێت .

بە مەرج گرتنی نیساب بۆ زەکات واجب بوون ،بە گوێرەی فەرموودەکانی پێغەمبەرمان بووە ،وەك لەم فەرموودە هاتووە: «لَيْسَ فِيمَا دُونَ خَمْسِ أَوَاقٍ صَدَقَةٌ، وَلَيْسَ فِيمَا دُونَ خَمْسِ ذَوْدٍ صَدَقَةٌ، وَلَيْسَ فِيمَا دُونَ خَمْسِ أَوْسُقٍ صَدَقَةٌ». متفق عليه[1].

واتە:لە زێر لەکەمتر لە پێنج ئۆقیە زەکاتی تێدا نییە (ئۆقیە چوار دیناری زێر بووە)، وەلە کەمتر لە پێنج حوشتر زەکاتی تێدا نییە ،وە لە دانەوێلە و میوە لە کەمتر لە پێنج ویسق زەکاتی تێدا نییە.

---

(١) **متفق عليه**، أخرجه البخاري برقم (١٤٠٥)، واللفظ له، ومسلم برقم (٩٧٩).

مەرجی چوارەم : مولکی تەواوی خاوەنی بێت

واتە مالەکە بە شێوەیەکی شەرعی مولکی کەسێکی یان کەسانێکی دیاری کراوبن ،وە مالەکە لەژێر بەرێوەبردن وتەسەروفی خاوەنی شەرعی خۆی بێت .

کەواتە مالی دزراو، داگیر کراو، دەبێت بدرێتەوە خاوەنی شەرعی خۆیان و خاوەنیان زەکاتەکەی بدات .

تێبینی: لێرە چەند مەسەلەیەك دێتە پێش بە گوێرەی پوختەی مەزهەبەکان روونی دەکەینەوە :

جا لێرە مەسەلەی قەرز دەر (الدائن) و قەرز دار (المدین) دێتە پێشەوە کە چۆن زەکات لە سامانی خۆیان دەردەکەن ئایا لەم حاڵەتە خاوەنی ماڵن یان نا؟ وە ئەو پارەیەی قەرز دەر داویەتی بە خەلك و ئێستا لای خەلکە ئایا مولکی تەواوی خۆیەتی زەکاتی لێدەردەکات؟ وە قەرزدار ئەو پارەیەی لە خەلك بە قەرز وەریگرتووە ئایا بووە بە مولکی تەواوی خۆی ، واجبە زەکاتی لێ بدات؟

وەلامی ئەم پرسیارانە بەم چەشنەیە

١-زەکاتی ماڵی قەرز دەر (خاوەن قەرز،الدائن)

مەبەستمان پێ ئەو کەسەیە کە ماڵی خۆی داوە بە قەرز ئایا لەو پارەیەی بە قەرز لەلای خەلکە زەکات دەدات یان نا؟ وە بۆچی؟

لەم مەسەلەدا زانایان چەند رایان هەیە:

ا-مەزهەبی ئیمام مالك: زەکات لەو مالە ناکەوێت تا خاوەنی وەری دەگرێتەوە ،کاتێك وەری گرتەوە ئەگەر چەند سالیش بەسەردا سورابێتەوە ئەوە تەنها واجبە زەکاتی یەك سالْ دەربکات...تەنها ئەوە نەبێت ئەگەر قەرز دەر بازرگان بوو ئەوە هەر کاتێك مەرجەکانی واجب بوونی زەکاتی لێ هاتەدی دەبێت زەکات بۆ هەموو سالێك بدات لە کاتی خۆیی دا.

ب: مەزهەبی ئیمامی شافعی:

١-ئەگەر قەرزەکە لەلای کەسێکی حال خۆش بوو ئامادە بوو پارەکە بداتەوە هەرکاتێك داوای لێ بکرێت، ئەوا واجبە زەکاتەکەی دەم و دەست لێ بدات..

٢-ئەگەر پارەکە لەلای یەکێك بوو نکولی لێ دەکرد بەڵام دەتواندارا بە دادگا لێ وەربگرێت نەوە دیسان دەبێت زەکات بدات هەر کاتێك ساڵ بەسەر ماڵەکە سوراوە...

بەڵام ئەگەر قەرزەکە لەم دوو حاڵەتە نەبوو کە باسمان کرد واتە:_

١-پارەکە لای یەکێك بوو زۆر هەژار بوو نەیدەتوانی بیداتەوە .

٢-یان لای یەکێك بوو ئینکاری لێ دەکرد و لەرێگای دادگاش نەدەتواندرا لێ ی وەربگرێتەوە ..جا لەبەر ئەوە شاهێد و بەڵگەی نەبوو یان لەبەر هەر هۆیەکی تر..ئەوا لەم دوو حاڵەتە زەکات واجب نابێت هەتا پارەکەی وەردەگرێتەوە کە وەری گرتەوە چەند ساڵی بەسەردا سورا بۆوە واجبە زەکاتی هەموو سالەکان بدات...

تێبینی:بەلای مەزهەبی شافعی ئەگەر ئەو ماڵەی بەقەرز درابوو ئاژەڵ بوو ((مەر و بزن و مانگا و گا و گامێش و حوشتر))ئەوە زەکاتی لێ ناکەوێت چونکە لە مەرجەکانی واجب بوونی زەکات لە ئاژەڵ بەلای ئەو لەوەرانە لە مولکی خاوەنی ئەوەش نەهاتۆتەدی...

بەلای مەزهەبی شافعی وەك یاسایەك: قەرز رێگری لە واجب بوونی زەکات ناکات. هەروەك لە مەتنی (عمدة السالك)هاتووە : (لو ملك نصاباً فقط وعليه من الدين مثله، لزمه زكاة ما بيده، والدين لا يمنع الوجوب).

ج)مەزهەبی ئیمام (ئەحمەد): ئەگەر ماڵەکە لەلای کەسێکی حاڵ خۆش بوو ئامادە بوو هەرکاتێك داوای لێ بکرێت بیدا هەرکاتێك وەری گرتەوە زەکاتەکە دەر دەکات جاسالێك بێت یان زیاتر هەمووان دەدات،بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەی ئەمەی

سەرەوە بوو لەسەر فەرموودەی راست ئەوە زەکات واجب نابێت،وە مەزهەبی ئیمام حەنەفی لەم مەسەلەدا نزیکە لە مەزهەبی ئیمام ئەحمەد.....

زەکاتی مارەیی ئافرەت

لەبەر ئەوەی مارەیی ئافرەت لەلای مێردەکەی بەقەرز دەمێنێت بەپێویستم زانی لێرەدا باسی بکەم،لەم مەسەلەدا دوو فەرموودەی مەشهور هەیە لەلایەن زانایاندا....

١-بەلای ئیمامی حەنەفی و ئیمامی مالك زەکاتی لێ ناکەوێت هەتا لە مێردەکەی وەردەگرێتەوە کە وەری گرتەوە ئەگەر گەیشتبووە ئەندازەی زەکات لێ واجب بوون کە بیست (٢٠) میسقال زێرە لەو رۆژەوە کە وەری گرتەوە کەساڵی بەسەردا سورایەوە تەنها زەکاتی ئەم ساڵی لێ دەردەکات....

٢-بەلای ئیمامی شافعی ئەگەر مارەیی یەکە گەیشبووە ئەندازەی زەکات ئەوا هەرکاتێك وەریگرت لە مێردەکەی ،دەبێت زەکاتی هەموو ساڵەکانی لێ دەربکات کە لەلای مێردەکەی بووە وە مەزهەبی ئیمام ئەحمەدیش لەسەر ئەم رایەن...

زەکاتی مالی وەقفکراو

مالی وەقفکراو بۆ خێر وسەدەقەی گشتی زەکاتی لێناکەوێت چونکە خاوەنی دیاریکراوی نییە ،بەلام ئەگەر مالەکە وەقفکرابوو لەسەر کەسێك یان چەند کەسێکی دیاریکراو ئەوە هەرکات مەرجەکانی زەکاتی لێهاتەدی دەبێت زەکاتەکەی بدرێت .

لەمەزهەبی شافعی ئەگەر مالی مزگەوت وقف کرابێت لەسەر ئیمامی مزگەوت (ئەو

كەسەی پێشنوێژ دەكات) رای بەهێز وەقفەكە زەكاتی لێناكەوێت .
هەروەها داهاتی رێخراوەكانی خێر خوازی زەكاتی لێناكەوێت چونكە خاوەنی دیاری كراوی نییە .

بەرخستنی قەرز لە جیاتی زەكات

ئەگەر كەسێك قەرزی لەسەر كەسێك بێت ، زۆر هەژار بێت ،نەتوانی بداتەوە ،ئایا دروستە خاوە مال بە هەژارە قەرز دارەكە بلێت ،ئەو ئەندازە قەرزەت لێخۆشبووم وەك زەكات ؟
بەلای جمهوری زانایان جائیز نیە وەكارێكی شەرعی نییە ،وە هەندێك جائیزیان كردووە بە مەرجێك خاوەن قەرز پارەی دابیت بەهەژارەكە نەك كەل وپەلی بازرگانی .
وە ئیمام نەوەوی رای بەهێز لە مەزهەبی شافعی فەرموویەتی یە : دروست نیە .

مەرجی پێنجەم: سال سورانەوە بەسەر مال وسامانەكە

سورانەوی ساڵ

واتە ساڵێ یەك جار زەكات واجبە وە ئەو شتەی زەكاتی لێ دەدەین دەبێت بە درێژای ساڵێكی مانگی (السنة القمرية) هەبوو بێت ئینجا زەكاتی لێ واجبە..
هەروەك لە فەرمودەی پێغەمبەرمان ﷺهاتووە :«لا زكاة في مال حتى يحول عليه الحول». رواه الترمذي
واتە:هیچ زەكاتێكی واجب نیە لە مال و سەروەت تا سالی بەسەردا دەسورێتەوە، وە بەیهەقی دەلێ :خەلیفەكان و هاوەلان بەم چەشنە زەكاتیان جێبەجێ كردووە .(لا٩٥ ج ٤) .
كە مەبەستی :(زێر و زیو و پارە و ئاژەل و مالی تیجارەتە) .

بەلام رووەك (میوە و دانەوێلە) ،زەكاتی كان (المعادن) وە دەرهێنانی زێر و زیوی شاراوەی پێش ئیسلام (ركاز) پێویست بەو مەرجە ناكات هەركاتێك بەرهەمەكە هاتە دەست یەكسەر واجبە زەكاتی لێ دەربكرێت ، پێویست بەسال سورانەوە ناكات .

تێبینی: رووەك (میوە و دانەوێلە) كە زەكاتی لێ دەركرا ،با چەند سالی تریش لای خاوەنی بمێنێتەوە پێویست بە دووبارە بونەوەی زەكات لێدان نیە ،بۆ نمونە پیاوێك هەزار تەنەكە گەنمی دەست كەوت لەكاتی دورێنەدا زەكاتی دەركرد ئەگەر چەند سالێك ئەو بەرهەمە هە رلەلای مایەوە پێویست بە دووبارە بوونەوەی زەكات دان ناكات بە گوێرەی ئایەتی :(كُلُواْ مِن ثَمَرِهِ إِذَا أَثْمَرَ وَآتُواْ حَقَّهُ يَوْمَ حَصَادِهِ وَلاَ تُسْرِفُواْ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ) واتە: لە میوەو بەرهەمەكەی بخۆن و مافی هەژارانی لێ بدەن لە رۆژی دورێنەدا ،وە زیادەرەوی و ئیسراف مەكەن چونكە خودا خەلكی موسریفی خۆش ناوێت.

سال سورانەوە كەی دەست پێ دەكات لە زەكات

بەرێزان: ئەو شتانەی كەلەسەرەوە گوتمان بە مەرجی سال لەسەر سورانەوە زەكاتیان لێ واجب دەبێت: (زێر و زیو و پارە) لەگەل (مالی بازرگانی) لەگەل (ئاژەل: حوشترو گاو مانگا و گامێش و مەر و بزن) .

وە ئەوانە لەو رۆژەوە سالیان بۆ حیساب دەكرێت ئەگەر گەیشتنە نیساب ، وەهەر كاتێك نیسابیان كەمتر بوونەوە ، سالیان دەپچرێت ، بۆ نموونە : كەسێك ٢٩ سەر مانگای هەبوو،ەپێنج مانگ لەلای بوو، لەمانگی شەشەم دانەیەكی تری كری بوون بە ٣٠ سەر، لەرۆژی بوونە ٣٠ سەر، سەرەتای سال دەست پێ دەكات.

نموونەیەكە تر پیاوێك ٤٠ سەر مەری هەبوو لەمانگی یەك بەردەوام لای بوو تا

مانگی حەوت ، دانەیەكی فرۆشت یان مرد ،مادەم لە نیساب كەمتر بوو سالەكەی دەپچرێت ،لە مانگی هەشت دانەیەكی كری بوونەوە ٤٠ ئەوە لەو رۆژەی بوونەوە ٤٠ سالی زەكاتیان سەر لە نویٚ دەست پیٚ دەكات .

تێبینی : تەنها مالی بازرگانی مەرج نییە نیساب بە درێژایی سال بوونی هەبێت ،گرنگ ئەوەیە كۆتایی سال گەیشتە نیساب زەكاتی واجبە .

پوختەی شەرحی مەتنی

(ابو شجاع – كتاب الزكاة)

ناسراو بە فەتح والقریب

الأموال التي تجب فيها الزكاة

(ئەو شتانەی زەکاتیان تێدا واجبە)

تجب الزكاة في خمسة أشياء وهي: المواشي والأثمان والزروع والثمار وعروض التجارة.

زەکات لەپێنج شت واجب دەبێت: ئاژەل، پارەو پول، دانەوێلە، میوە، کەل وپەلی بازرگانی.

المواشي

(ئاژەل)

فأما المواشي فتجب الزكاة في ثلاثة أجناس منها وهي: الإبل والبقر والغنم. وشرائط وجوبها ستة أشياء: الإسلام والحرية والملك التام والنصاب والحول والسوم.

له ئاژەلاندا زەکات تەنها لەسێ رەگەز واجب دەبێت : حوشتر ،رەشە ولاغ ، مەر و بزن . وە مەرجەکانی واجب بوونی زەکاتیش لەم سێ رەگەزە ، شەش شتە: موسلمان بوون ، ئازادی ، مولکایەتی تەواو ، گەیشت بێتە نیساب ، سورانەوەی سال ، لەوەران لە پاوانی حەلال .

ئاژەل جگە لە مەرجە گشتییەکان مەرجێکی تایبەتی هەیە بۆ واجب بونی زەکات ،ئەویش لەوەرانە لەپاوەنی حەلال کە بەبێ مەسرەف زۆربەی سالەکە بە خێو

کرابێت ،بەلام ئەگەر شەش مانگ زیاتر بە عەلەف و کاو جۆ بە خێو کرا زەکاتی لێناکەویت.

الأثمان

– نەخت – زێر و زیو و پارە

وأما الأثمان فشيئان: الذهب والفضة .وشرائط وجوب الزكاة فيها خمسة أشياء: الإسلام والحرية والملك التام والنصاب والحول.

هەروەها نەخت (زێرو زیو) ،زەکاتیان لێ واجبە ، وە مەرجەکانی واجب بوونی زەکات تێیاندا : پێنج شتە : موسلمان بوون ، ئازادی ، مولکایەتی تەواو ، گەیشت بێتە نیساب ، سورانەوەی سال ،

الزروع

دانەوێلە

وأما الزروع فتجب الزكاة فيها بثلاثة شرائط: أن يكون مما يزرعه الآدميون. وأن يكون قوتا مدخرا. وأن يكون نصابا وهو" :خمسة أوسق لا قشر عليها."

وە بەلام دانەوێلە بەسێ مەرج زەکاتی تێدا واجب دەبێت : لەو شتانە بێت کە ئادەمیزاد دەیانرۆینن (دەیان چەقێنن –سروشتی نەبن) ،وە لە خۆراکە سەرەکیەکان بێت وبتواندرێت هەلبگیرێت ، وە بگاتە نیساب : کە دەکاتە پێنج ویسق ،کەپاك بێت لەپەلك و کاو چەلتوك .

الثمار

میوه

وأما الثمار فتجب الزكاة في شيئين منها: ثمرة النخل. وثمرة الكرم. وشرائط وجوب الزكاة فيها أربعة أشياء: الإسلام والحرية والملك التام والنصاب.

وه بەلام میوه زەکات تەنها لە دوو شتیان واجبە : بەرهەمی داری خوورما، و بەرهەمی داری مێو ، وه مەرجەکانی واجب بوونی زەکات تێیاندا : چوار شتە : موسلمان بوون ، ئازادی ، مولکایەتی تەواو ، گەیشت بێتە نیساب .

بەرێزان: بەلای مەزهەبی حەنەفی زەکات لەهەموو میوەکان دەکەوێت لە نرخەکەیان .

عروض التجارة

مالی بازرگانی

وأما عروض التجارة فتجب الزكاة فيها بالشرائط المذكورة في الأثمان.

وەهەروەها ،مالی بازرگانی بەهەمان مەرجەکانی زێر و زیو کەباسکرا زەکاتی لێ واجب دەبێت .

زەکاتی ئاژەل

ئیمامی شافعی و جمهوری زانایان له زەکاتی ئاژەڵ پشتیان به نوسراوی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)بەستووه .که ئیمامی ئەبو بەکر له دوای وەفاتی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) کاری پێ کردووه وه بوخاری له صحیحی خۆی نەقلی کردووه فەرموودەی ژمار ه (١٤٥٤) وه هەروەها (نەوەوی) و ابن حەزم و ابن تیمیه و شەوکانی زۆر جەختیان له راستی و بەهێزی فەرمودەکه کردووه ،بەلام مەزهەبی حەنەفی کاری به فەرمودەی تر کردووه بۆیه ،له هەندێك شت رای جیاواز هەیه .

زكاة الإبل

زەکاتی حوشتر

وأول نصاب الإبل خمسة وفيها شاة وفي عشر شاتان وفي خمسة عشر ثلاث شياه وفي عشرين أربع شياه وفي خمس وعشرين بنت مخاض وفي ست وثلاثين بنت لبون وفي ست وأربعين حقة وفي إحدى وستين جذعة وفي ست وسبعين بنتا لبون وفي إحدى وتسعين حقتان وفي مائة وإحدى وعشرين ثلاث بنات لبون ثم في كل أربعين بنت لبون وفي كل خمسين حقة.

زەکاتی ووشتر

رادەی گەیشتنی ووشتر بۆ زەکات لێ واجب بوون (٥)وشتره جا هەر کاتێك گەیشته (٥) سەر وه یان زیاتر زەکاتەکەی بەم شێوەیە:-

١)له (٥) ووشتر مەرێك یان بزنێك .له (١٠) ووشتر دوو مەر یان دوو بزن .له ١٥ ووشتر سێ مەر یان سێ بزن .له (٢٠)بیست ووشتر (٤)چوار مەر یان (٤)بزن).

٢)لە(٢٥)بیست و پێنچ ووشتر مێچکە وشترێکی یەك ساڵی .لە (٣٦)سی وشەش سەر مێچکە ووشترێکی دوو ساڵی .لە (٤٦)چل و شەش سەر مێچکە ووشترێکی سێ ساڵی .لە (٦١)سەر مێچکە ووشترێکی چوار ساڵی لە (٧٦) سەر دوو مێچکە ووشتر (٢)دووساڵە . لە (٩١)سەر دوو مێچکە ووشتر (٣)ساڵە .لە (١٢١)سەد و بیست و یەك سەر مێچکە ووشتری سێ ساڵی .

٣) ئەگەر هاتوو لە(١٢١) سەد وبیست و یەك زیاتر بوو ئەوا لە هەر (٤٠) سەر مێچکە وشترێکی دوو ساڵی یان لە هەر (٥٠) سەر مێچکە ووشترێکی (٣) سێ ساڵی واجبە جا بۆ نمونە سەیری حیسابی خوارەوە بکە .لە(١٣٠)سەر مێچکە ووشترێکی (٣) سێ ساڵی و دوو مێچکە ووشتری دوو ساڵی . لە (١٤٠)سەر مێچکە ووشترێکی دوو ساڵی و دوو مێچکە ووشتری سێ ساڵی . لە دوو سەد سەر ،چوار مێچکە ووشتری سێ ساڵی ئەگەر دابەشی(٥٠) بکەین یان (٥) مێچکە ووشتری دوو ساڵی ئەگەر دابەشی (٤٠)ی بکەین.

زەکاتی گا و مانگا و گامێش

وأول نصاب البقر ثلاثون وفيها تبيع، وفي أربعين مسنة ،وعلى هذا أبدا فقس.

واتە: یەکەم نیسابی رەشە ولاغ سی سەرە، وە گولکێکی یەك سالی تێدا واجبە ، وە لەچل سەر گۆلکە مێیەکی دووسالی، هەر چەند زیادی کرد بەم پێوەرە کاربکە .

ئەوەش بە گوێرەی فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ: (فِي ثَلَاثِينَ مِنَ الْبَقَرِ تَبِيعٌ أَوْ تَبِيعَةٌ وَفِي كُلِّ أَرْبَعِينَ مُسِنَّةٌ». أخرجه الترمذي وابن ماجه[1]. واتە : واجبی زەکات لە هەر

([1]) **صحيح/** أخرجه الترمذي برقم (٦٢٢)، وهذا لفظه، وابن ماجه برقم (١٨٠٤).

سی سەر گا یان مانگ گولكێكی یەك سالیە یان لە هەر چل سەر گۆلكە مێیەكی دووسالی

زەكاتی رەشە وولاٚخ

مەبەست لە رەشە وولاٚخ و مانگا و (چێل) گا و گامێش ئەندازەی گەیشتنی رەشە وولاٚخ بۆ زەكات لیٚ واجب بوون (٣٠)سەرە هەر كاتێك گەیشتە ئەم ژمارەیە و زیاتر زەكاتەكەی بەم شێوەیە دەبێت :

لە (٣٠)سەر گۆلكێكی یەك ساڵی واجبە لە (٤٠) مێچكە گۆلكێكی دوو ساڵی .لە(٦٠)سەر دوو گۆلكی یەك ساڵی .

بەلاٚم ئەگەر لە(٦٠)شێست سەر زیاتر بوو بەم شێوەیە دەبێت :

یان لەهەر(٣٠)سەر گۆلكێكی یەك ساڵی یان لەهەر (٤٠)سەر گۆلكێكی دوو ساڵی بۆ نمونە:-

لە(٧٠)حەفتا سەر گۆلكێكی دوو ساڵی واجبە ،لەگەل گۆلكێكی یەك سالی،چونكە(٧٠)لە(٤٠)+(٣٠)پێك هاتووە دوو ساڵی یەكە بۆ(٤٠)سەرەكە یەك ساڵی یەكە بۆ (٣٠) سی سەرە كە .

لە هەشتا سەر ،دوو گۆلكی دوو ساڵی (٤٠+٤٠) ، لە(٩٠) سەر سیٚ گۆلكی یەك سالی (٣٠+٣٠+٣٠) ،لە سەد سەر گۆلكێكی دوو ساڵ بەرامبەر بە چل سەر ، وە دوو گۆلكی یەك ساڵی بەرامبەر(٣٠+٣٠) لە (١١٠) سەر دوو گۆلكی دوو ساڵی و یەك گۆلكی یەك ساڵی لە سەد وبیست سەر چوار گۆلكی یەك ساڵی یان سیٚ گۆلكی دوو ساڵی جا بەم شێوەیە دەچیتە دوایی لە حیساب كردنی .

زكاة الغنم

زەکاتی مەر وبزن

وأول نصاب الغنم أربعون وفيها شاة جذعة من الضأن أو ثنية من المعز وفي مائة وإحدى وعشرين شاتان وفي مائتين وواحدة ثلاث شياه وفي أربعمائة أربع شياه ثم في كل مائة شاة.

ئەندازەی گەیشتنی مەر و بزن بۆ زەکات لیّ واجب بوون (٤٠)چل سەرە ، هەر کات یەکێك (٤٠)سەری هەبووکە سالی بەسەردا سورایەوە ئەوە زەکاتەکەی بەم جۆرەیە:—

لە هەر(٤٠)چل سەر ،مەرێك یان بزنێك تا دەگاتە (١٢١)سەد و بیست ویەك سەر، ئەوە(٢)دوو دانە واجبە ،تا دەگاتە(٢٠١)دوو سەد و یەك سەر ، ئەو کاتە (٣)سیّ سەر واجبە.تا دەگاتە (٤٠٠)چوار سەد سەر، چوار سەر واجبە پاشان ئەگەر لە(٤٠٠)چوار سەد سەر زیاتر بوو ، لەهەر(١٠٠)سەد سەر ، یەك سەر دەردەکات بۆ زەکات دان .

شروط زكاة الخليطان

مەرجەکانی مالی تێکەلاو

والخليطان يزكيان زكاة الواحد بسبع شرائط: إذا كان المراح واحدا والمسرح واحدا والمرعى واحدا والفحل واحدا والمشرب واحدا والحالب واحدا وموضع الحلب واحدا.

ئاژەلی تێکەلاو کراو (لە لایەن دووکەس یان زیاتر) وەك یەك کەس زەکات لە

ئاژەلەکان دەدەن (ئەگەر کۆی گشتیان دەگەیشتە نیساب) بەلام بە حەوت مەرج : ئەگەر شوێنی مانەوەی شەویان یەك بێت ،مۆلگەیان یەك بێت ، پاوان وشوێنی لەوەرانیان یەك بێت ،وە نێریان یەك بێت ،وە شوێنی ئاو خواردنەوەیان یەك بێت،وە بێریان یەك بێت (ئەوکەسەی دەیان دۆشی) ، وە شوێنی دۆشینیان یەك بێت.

بۆزانین :

لێرەدا دیسان حەنەفیەکان لەگەلْ جمهور خیلافیان هەیە .بەلای ئەوان تێکەل کردن نابێتە هۆی واجب بوونی زەکات بەلآم بەلای جمهور دەبێتە هۆی تەواوبوونی ژمارە بۆ گەیشتن بە ئەندازەی زەکات هۆی خیلاف دەگەرێتەوە بۆ تێگەیشتن و شی کردنەوەی مانای ئەم فەرموودەیە((لا يجمع بين مفترق ولا يفرق بين مجتمع))بەلآم لەگەلْ ئەمەشدا جمهور لە مەرجەکانی تێکەلاو کە ببێتە هۆی واجب بوونی زەکات خیلافیان هەیە .بەتایبەتی لە نێوان ئیمامی ماللك و ئیمامی شافعی هەروەها ئیبن حزم زۆر بە توندی دژی رای جمهور ە. بەگوێرەی ئایەتی((ولا تكسب كل نفس الا عليها))و((ولا تزر وازرة وزر اخرى)) ، وە مەزهەبی شافعی تەنها بە تێکەلْی ئاژەلْ نەوەستاوە بەلْکو لە مال و سەروەت شەراکەتی بە هۆیەکی شەرعی داناوە لە واجب بوونی زەکات هەتا لە کشتوکال و پارەش.

لەزەکاتی ئاژەلی تێکەل هەندێك لەبەرژەوەندی خاوەن ئاژەلە هەندێك جار لە زەرەریەتی، بۆنمونە :

أ- پیاوێك ئەگەر ٣٠ سی سەر مەری هەبوو زەکاتی لەسەر نییە ،بەلام ئەگەر لەگەل کەسێك تێکەلی کردن ئەو ١٠ دە سەری هەبوو ئیستا بە هەردووکیان

دەبێت یەك مەر زەكات بدەن ،ئەگەر بەتەنها بووان زەكاتیان لەسەر نەبوو .

ب- بەلام ئەگەر بەدوو كەس هەریەك ٦٠ سەریان هەبوو ،ئەگەر بەتەنها بن هەریەك دەبێت مەرێك بدات ،بەلام لە تێكەڵی بەهەردووكیان یەك مەر زەكات دەدەن .

چەند تێبینیەك لە بارەی زەكاتی ئاژەلان

١- ئاژەڵی كار مەبەست حوشتری بارو گا ئەگەر بۆ جووت كردن راگیرابوو،زەكاتیان لێناكەوێت ،مەگەر بۆ كرین وفرۆشتن و بەكرێدان رایگرتبن ئەوكات زەكاتی مالی بازرگانیان لەسەر جێبەجێ دەكرێت . هەروەك ئیمامی عەلی فەرموویەتی : قال:(لیس فِي البَقَرِ العوامِلِ صدقةٌ)رواه أبو داود أبو عبيد وابن أبي شيبة وعبد الرزاق واتە:لە گای كاركردن زەكات نییە .

٢- ئاژەڵی نەخۆش و پیرو لەر و بێكەلك بۆ زەكات نابێت.

٣- ئاژەڵی ئاوس ،دابەستی ،جۆری نایاب ،ئەوەی بەرخی لەبەرە دروست نیە بەبێ رەزامەندی خاوەنی ،ئەوانەی زەكات كۆدەكەنەوە لە خەلكی بستێنن بۆ زەكات .

٤- بێچووی ئاژەل ئەگەر لەماوەی سالی دایكیان لە دایك بوون ئەوە سالی بێچووەكان سالی دایكیانە لەگەل دایكیان حیساب دەكرێن بۆ زەكات :بۆنمونە :كەسێك ٣٠ سەر مەری لە مانگی یەك كری لای مایەوە لە مانگی ١٢، ١٠ سەر مەر زان بوونە ٤٠ سەر ئەوە نیساب تەواو دەبێت و دەبێت زەكات بدات .

٥- بەلام ئەگەر بەرخەكان دوای سالی دایكیان لە دایك بوون ئەوە لە رۆژی لە دایك بونیان سالیان بۆ دادەنرێت ، بۆ نمونە:كەسێك ٩٠ مەری هەبوو لە مانگی ٢ تا مانگی ٣ سالێكی تر لای مایەوە ،دەبێت لە مانگی دوو زەكاتی ئەو نەوەت سەرە بدات چونكە سال سورایتەوە ،بەلام لە مانگی ٣ ، ٤٠ مەر زان و ٤٠ بەرخ

زیادی كرد ئەم بەرخانە دوای سالی دایكیان لە دایك بوونە ،زەكاتیان لێناكەوێت تا سالیان بەسەردا دەسورێتەوە.

٦- زەكات جگە لەم ئاژەلانەی باسمان كرد لە ئاژەلی تر ناكەوێت وەك : (ئەسپ و گوێدرێژ و ئێستر) بەلام ئەگەر بۆ تیجارەت وبازرگانی بێت هەركات نرخیان گەیشتە نیساب و سالیان بەسەردا سوراوە ، زەكاتی مالی بازرگانی لیَ دەردەكەن ٢.٥٪ لە سەدا دوو و نیو .

٧- لە زەكاتی ئاژەل لە پەرتوكە فیقهیەكان وشەی (وقص واوقاص) دەبینیت ، وەقس بریتییە لە و ژمارەیەی كە دەكەوێتە نێوان نیسابی یەكەم تا دەگاتە نیسابی دووەم ،لە زەكاتی ئاژەل عەفو كراوە ، بۆ نمونە: لە زەكاتی مەر نیسابی یەكەم چل سەرە، نیسابی دووەم سەدو بیست ویەك سەرە ،لە ٤١ تا ١٢٠ پێی دەگوتریَ وەقس عەفوە هەر یەك مەرە كە زەكاتە .

پوختەی زەكاتی ئاژەل

مەر وبزن

ئەندازەكەی: له	ئەندازەكەی: بۆ	زەكاتەكەی
٤٠	١٢٠	مەرێك
١٢١	٢٠٠	دوو مەر
٢٠١	٣٠٠	سێ مەر
پاشان له هەر ١٠٠ مەرێك		
دروست نیه بۆ زەكات ،ئاژەلی نەخۆش و لەر و ، ئاوس ، بەرخی لەبەر بێت ، یان دابەستی بێت ،یان نایاب و زۆر نرخی بەرز		

حوشتر

ئەندازەكەی: له	ئەندازەكەی: بۆ	زەكاتەكەی
٥	٩	مەرێك
١٠	١٤	دوو مەر
١٥	١٩	سێ مەر
٢٠	٢٤	چوار مەر
٢٥	٣٥	بنت مخاچ
٣٦	٤٥	بنت لبون
٤٦	٦٠	حقه
٦١	٧٥	جڗعه
٧٦	٩٠	بنتا لبون
٩١	١٢٠	حقتان
١٢١	١٢٩	پلاپ بنات لبون
●لەمه زیاتر یان لەهەر چل سەر بێچوەكی دووسالی یان له هەر پەنجا سەر بێچوەكی سێ سالی		

رەشه ولاغ

ئەندازەكەی: له	ئەندازەكەی: بۆ	زەكاتەكەی
٣٠	٣٩	گۆلكه مێبەكی یەك سالی
٤٠	٥٩	گۆلكه مێیەكی دوو سالی
٦٠	٦٩	دوو گۆلكه مێی یەك سالی
لەوە زیاتر له هەر ٣٠ سەر گۆكێكی یەك سالی یان لەهەر ٤٠ سەر گۆلكێكی دوو سالی		
التبیع أو التبیعه:گۆلكه مێی یەك ساله. المُسنَّه: گۆلكه مێی دوو ساله		

- بنت مخاض: بێچووە وشترێکی مێینەی یەك سالی .
- بنت لبون: بێچووە وشترێکی مێینەی دوو سالی
- حقە: بێچووە وشترێکی مێینەی سێ سالی
- جذعة : بێچووە وشترێکی مێینەی چوار سالی

زكاة الذهب والفضة

زەکاتی زێر و زیو

ونصاب الذهب عشرون مثقالا وفيه ربع العشر وهو نصف مثقال وفيما زاد بحسابه ، ونصاب الورق مائتا درهم وفيه ربع العشر وهو خمسة دراهم وفيما زاد بحسابه ولا تجب في الحلي المباح زكاة.

وە ئەندازەی گەیشتنی زێر بە زەکات لێ واجب بوون، بیست میسقالە،وە زەکاتەکەشی چارەکی دەیەکە کە دەکاتە نیو میسقال، جا چەند رێژەی زیادی کرد زەکاتەکەی بەم پێوەرە دەبێت ٢،٥٪ لە سەدا دوو و نیو .

وە نیسابی زیو (٢٠٠) درهەمی زیوە ،وە زەکاتەکەی چارەکی دە یەکە ، کە دەکاتە (٥ درهەم) جا چەند زیادی کرد بەم پێوەرە زەکاتەکەی دەدەیت ٢،٥٪ لە سەدا دوو و نیو . هەر وەکو زێر.

زەكاتی پارە (پول) دراو..

مەبەست لە پارە (دینار و ریال و پاوەند و دۆلار و لیرە و تومەن و ....هتد) واتە ئەو شتانەی كە ئەمرۆ لەبازارەكانی جیهاندا ئالُ و گۆر و كرین و فرۆشتنی پێدەكرێت..

جا ئایا زەكات لە پارە واجبە؟ وە رادەی گەیشتنی بە ئەندازەی زەكات لیُ واجب بوون چەندە؟

ا–موسلْمانی بەرێز: كاتی خۆی لەسەردەمی دەولْەتی ئیسلام دیناری زێر و درهەمی زیوو لە ئالُ و گۆر و كرین و فرۆشتن دا بەكار دەبردران..وە هەر یەك دینار زێر كە دەكرا خوردە دەیكردە (١٠) دە درهەمی زیوو وە هەندیُ جار نرخی دینار گەیشتۆتە (١٢) دوانزە درهەمی زیوو

بەلاْم ئاشكرایە ئەمرۆ ئەوە نەماوە.بەلْكو شتی تر بەكاردەبردرێت وەك دینار و ریالُ و دۆلار ...هتد

ب–هەموو زانایانی ئیسلام لەسەر ئەوە كۆكن (موتەفیقن) كە زەكات لەو شتانەی باسمان كرد واجبە چونكە زەكات پاش ئەوەی خوا پەرستی یە...گرینگترین ئامانج (هدف) لە واجب بوونی یارمەتی دانی هەژارانە و جیُ بەجیُ كردنی پێداویستیەكانیانە..جا هەرشتێك ئەم ئامانجەی پیُ بێتە دی جیاوازی نیە چ دینار بێت چ زێر ....هتد

هەروەك لەفەرموودەی پێغەمبەر ﷺ ئاماژە بە حیكمەتی زەكات كراوە (صدقة توخذ من اغنیائهم فتردعلی فقراء هم)

ئەندازەی گەیشتنی پارە (دراو) بۆ زەكات لیُ واجب بوون

خوێنەری ئازیز: لەپێشەوە ئەوەمان سەلماند كە پارەی ئەمرۆ لەجێگای زێر و زیوی كۆنە..كە وابێت رادەی گەیشتنی پارە بۆ زەكات لیُ واجب بوون (٢٠)

میسقالُ زێرە یان (١٤٠) میسقالُ زیوە...واتە موسڵمان کاتێك پارەی بە قەدەر نرخی (٢٠) میسقالُ زێر هەبوو یان (١٤٠) میسقالُ زیو ئینجا زەکات لە پارەکەی واجب دەبێت....بەلام دەبێت ئەوە بزانین کە (٢٠٠) درهەم زیو یان (١٤٠) میسقالُ زیو ئەمرۆ لە جیهاندا نرخەکەی یەکسان نیە لەگەڵ (٢٠) میسقالُ زێر هەروەکو پێشان یەکسان بوو..جا ئایا ئەمرۆ کامەیان هەڵدەبژێرین بە پارسەنگ بۆ قیمەت دانان. ئایا پارەکە بگاتە نرخی (٢٠) میسقالُ زێر یان بگاتە نرخی (١٤٠) میسقالُ زیو .

لە وەڵامی ئەم پرسیارەنەدا زانایان دوو رایان هەیە:

رای یەکەم: نرخی (١٤٠)میسقال زیو پارسەنگی واجب بوونی زەکاتە،کەدەکاتە نزیکەی (٥٩٥)گرام زیو بەکێشی ئەمرۆ .زۆر لەزانایانی سەردەم لە وولاٌتە جیا جیاکانی ئیسلامی ئەم ((فتوایەیان)) داوە ئەمەش لەسەر جەند بنەمایەك .بەکورتی:-

١)ئەو فەرموودانەی لەبارەی زەکاتی زیو هاتوونە پلەی راستیان بەهێزترە لە فەرمووودەکانی باسی زەکاتی زێر دەکات.

٢)زەکات روکنێکی گەورەی ئیسلامە ئەگەر زیو بە پارسەنگ دابنێن خەلکێکی زیاتر بەشداری لەو رکنە دەکات .

٣)پاراستنی بەرژەوەندی هەژاران لە نرخاندنی پارە لە زیو دایە.

رای دووەم:

١) ئەمرۆ زێر بنەرەتی ئالٌ و گۆرە لە جیهاندا.

٢) پارسەنگ دانان بە زیو لە راستی دا زیان گەیاندنە بە بەرژەوەندی هەژاران .چونکە رەوانیە بەلای زۆربەی زانایان ئەوەی مەبلەغێکی هەبێت بەقەدەر ((نیسابی زەکات)) زەکاتی بدرێتیٌ یان وەری بگریٌ.ئایا ئەو مامۆستایانەی ئەم فتوایەیان داوە ئەگەر هەژار بن سالیٌ کەمتر لە دوو هەزار دینار بەشیان دەکات؟

٣)ئایا خاوەن پارە ئازاد نیە لەوەی پارەکەی بکات بە زێر یان بە زیو .

٤) ئەگەر فەرموودەکانی زەکاتی زیو پلەی راستیان بەهێز تربێت .ئەوا زەکاتی زێریش لە قورئان هاتووە لەپێش زیو ((والذين يكنزون الذهب والفضة ولا ينفقونهافي سبيل الله...)).

ولا تجب في الحلي المباح زكاة.

وە زەکات لە خشلی حەلال واجب نییە

خشلی ئافرەت

مەبەست پیٌ ئەم زێر و زیوەیە کە ئافرەت بۆ جوانی و خۆرازاندنەوە بەکاری دەهێنێت وەك (ملوانکە،بازن،خلخالٌ،گوارە.....) بەلای ئیمامی شافعی و ئیمامی مالك و ئیمامی ئەحمەد زەکاتی لیٌ ناکەوێت بەمەرجێك ئەوەندە زۆر نەبێت لەسنوری خۆ رازاندنەوە دەرچووبێت..وە لە ئاستی عورف و عادەتی کەس و خەڵك و شوێن تێنەپەری بێت...

بەڵام ئەگەر لەم سنوورە دەرچووبێت و زیادە رەوی (اسراف)ی تێدا کردبێت ئەوا دەبێت زەکات بدات لەهەر (٤٠) میسقالٌ زێر (١) یەك میسقالٌ زێر وە لە هەموو خشلەکەی...

وە ئەندازەی زیادە رەوی لە مەزهەبی ئیمام شافعی بە (٢٠٠) دیناری زێر و زیاتر لە قەڵەم دراوە.. نەوەوی فەرموویەتی: زانایانی شافعی مەزهەب فەرموویانە : خشل تا ئەو ئەندازە حەلالە زەکاتی لیٌ ناکەوێت نەگەیشتبێتە بواری ئیسراف ، فەرموودەی راست وبەهێز لە مەزهەبی شافعی ئیسراف حەرامە وەك خلخالێکی دووسەد دیناری زێر ئەوە زەکاتی لێدەکەوێت .

هەروەك پێغەمبەریشمان ﷺفەرموویەتی: «كُلُوا وَاشْرَبُوا، وَالْبَسُوا وَتَصَدَّقُوا، فِي

غَيْرِ إِسْرَافٍ وَلَا مَخِيلَةٍ»" رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ مُعَلَّقًا مَجْزُومًا بِهِ، وَوَصَلَهُ جَمْعٌ مِنَ الْأَئِمَّةِ.
واتە:بخۆن وبخۆنەوە و لەبەربكەن و خێر وسەدەقەش بكەن ،دوور لە ئیسراف و فیز وخۆبەزل زانی.

بەرێزان: سنوری خشلی حەلال بۆ خۆجوانكردنی ئافرەت بە پێی عورف و عادەت لە كۆمەلگایەك بۆ كۆمەلگایەكی تر دەگۆرێ ئافرەتەكی كوردو ئافرەتەكی ولاتی ئیمارات لە عادەت و تەقالید جیاوازن ، بۆیە لە كۆمەلگای كوردەواری لە كوردستانی باشوور، بە بروای من عورفی خۆجوانكردن، ملوانەكەیەك ،گوارە، بازن ،قایش ،....ناگاتە ٨٠ میسقال. واللە اعلم.

بەلاٌم لە مەزهەبی ئیمام حەنەفی زەكات لە خشلی ئافرەت واجبە هەركاتێك گەیشتە (٢٠) بیست میسقالٌ نیو میسقالٌی زەكات لیٌ دەدات..

تێبینی:

ا-كەل و پەلی لە زێر و زیوو دروست كراو وەك قەڵەم و خەنجەر قاپ و پەرداخ و ....هتد..زەكاتیان لیٌ واجبە چونكە بە خشلٌ داناندرێن......

ب-ئەو فەرمووودانەی كە هاتوونە لەبارەی واجب بوونی زەكات لە خشلی ئافرەت هەموویان جێگای ئیتفاق نین وە لەلایەن زانایان قسەی زۆریان لەسەر كراوە.......

ج-ئەو فەرمووودانەی باس لە حەرام كردنی بەكارهێنانی زێر و زیوو بۆ ئافرەتان دەكات بە (اجماع)ی زانایات نەسخ كراون..

د- دروستكردنی ملوانكە و بازن لە شێوەی مار و گیانلەبەران حەرامە ئەوكاتە زەكاتی لێدەكەوێت ئەگەر گەیشتە ٢٠ بیست میسقال .

ه - خشل كرین بە نیەتی كرین و فرۆشتن چ ئافرەت بیكات چ پیاو زەكاتی لیٌ واجبە .

و- خشلی پیاو زەكاتی لیٌ واجبە ، وەك سەعات و خەنجەر و دەمانچەو چەكەكانی تر ....

زكاة الزروع والثمار

زەكاتی دانەوێلە و میوە

ونصاب الزروع والثمار خمسة أوسق وهي: ألف وستمائة رطل بالعراقي وفيما زاد بحسابه وفيها إن سقيت بماء السماء أو السيح العشر وإن سقيت بدولاب أو نضح نصف العشر.

وە نیسابی گەیشتنی دانەوێلە و میوە بە زەكات، پێنج ویسقە كە دەكاتە هەزاروشەشسەد ریتل بە پێوەری عێراقیەكان ،جا هەرچەند زیاد بكات بەم شێوە زەكاتەكەی حیساب دەكرێت :

ئەگەر بە ئاوی ئاسمان ئاودرابوو یان جۆگەو رووبار زەكاتەكەی دەیەكە(دەكاتە ١٠٪) ، بەلام بە دۆب و تورومپا و هەلێنجان ئاو درابوو ،زەكاتەكەی نیوەی دەیەكە (دەكاتە ٥٪).

هەروەك لەفەرمودەی سەروەرمان هاتووە : (فِيما سَقَتِ السَّمَاءُ والعُيُونُ أَوْ كانَ عَثَرِيًّا العُشْرُ، وما سُقِيَ بالنَّضْحِ نِصْفُ العُشْر) ِ.صحيح البخاري رقم :١٤٨٣.

واتە:ئەو دانەوێلەو میوانەی بە ئاوی باران وكانی وروبار ئاو دەدرێن زەكاتەكەیان دەیەكە،وە ئەوەی بەئاژەل و دەرهێنان ئاو بدرێت زەكاتەكەی نیوەی دەیەكە.

بەرێزان :

دانەوێلە ،گەنم وجۆ و ماش و برنج ونیسك و نۆك دەگرتەوە ،ئەو كاتەی

دانەكانی وشك بوون پێگەیشتن زەكاتی لێ واجب دەبێت ، وە پاش خاوێنكردنەوەیان لە كا و چەلتوك و پوش بە خاوێنی زەكاتەكەی دەدرێت .

وەسەبارەت بە میوە ،ترێ و خورما دەگرێتەوە،كەبەرەكە پێگەیشت زەكاتی لێ واجب دەبێت ،تا زەكات نەدات نابێت ،بیكاتە دیاری ولێی بخوات چونكە مافی هەژارانی تێدایە ،بۆیە دەبێت خەملاندنی (خرص) بۆ بكرێت.

خەملاندن چۆن دەكرێت ؟؟

كە رەزی ترێ یا باخچە بەرەكەی پێگەیشت ،هەروەها بۆ دارخورماش ،دوو موسلمانی شارەزا و لە خواترس تەماشای باغەكە دەكەن ،بەقەناعەت دەلێن ئەم رەزە یان ئەم باخچە ئەوەندە كیلۆیە یان تۆنە ،مێوژی دەكەوتێ یان خورمای دەكەوتێ و زەكاتەشی دیار دەكەن لە ئەستۆی خاوەنی ،بەوە حەلال دەبێت خاوەن رەزوو باخچە دەستكاری میوەكانیان بكەن ،بۆ خواردن و دیاری و فرۆشتن ..

ئەوەش وەكو لە فەرمودەكانی پێغەمبەرمان هاتووە:

١-«كان يبعث على الناس من يخرص عليهم كرومهم وثمارهم» رواه الترمذي وابن ماجه،

واتە: پێغەمبەری خودا كەسانێكی شارەزای دەنارد بۆ (خەرسكردنی) مێوەكان و خورما كانی خەلك .

٢-: «أمر رسول الله أن يخرص العنب كما يخرص النخل، فتؤخذ زكاته زبيبا كما تؤخذ صدقة النخل تمرًا». رواه أبو داود والترمذي .

واتە :پێغەمبەری خودا فەرمانی كرد كە ترێش (خەرس بكرێت) هەروەك خورما خەرس دەكرێت ، پاشان زەكاتی ترێ بە مێوژ دەدرێ وە بەری دارخورماش بە خورما.

تێبینی :

لەمەزهەبی نوێی شافعی و مالیك وئەحمەد زەكات لە هەنگوین ناكەوێت ،بەلام ئەگەر بۆ بازرگانی بوو ،ئەوا وەكو مالی بازرگانی ٢.٥٪ زەكاتی دەدات ئەگەر نرخەكەی گەیشتە نیسابی پارەی .

بەلام بەلای مەزهەبی حەنەفی زەكات لە هەنگوین واجبە وەك بەرهەمی كشتوكالی زەكاتەكەی ١٠٪ . رای جمهور بەهێزترە،چونكە فەرمودەكانی باسی زەكاتی هەنگوین دەكات لاوازن.

زەكاتی زەوی بەكرێگیراو بۆ كشت وكال

زۆر جار لە كوردستان خەلك زەوی خۆی ناكاتە كشتوكال ،بەكرێ دەداتە كەسانی تر ،ئایا كێ زەكات دەدات ؟؟ خاوەن زەوی یان كرێچی ؟؟

بەلای جمهوری زانایان وئیمامی شافعی ،زەكات لە داهاتی زەویەكە دەكەوێت لە بەروبومە كشتوكالیەكە لە ئەستۆی كرێچیەكەیە،وە خاوەن مال ئەگەر كرێی زەویەكەی دەگەیشتە نیسابی پارە كۆتایی سال ٢.٥٪ زەكاتی پارەی لێدەدات .

زكاة عروض التجارة

زەکاتی کەل وپەلی بازرگانی

وتقوم عروض التجارة عند آخر الحول بما اشتريت به ، ويخرج من ذلك ربع العشر .

وە زەکاتی مالی بازرگانی لە کۆتایی سال دەنرخێندرێت بەهەمان ئەو جۆرە پارەیەی پێی کراوە ،وە زەکاتەکەشی لە ٢،٥٪ لە سەدا دوو و نیو ە.
زەکاتی مالی بازرگانی (زكاة عروض التجارة)
١- مەبەست لە مالی بازرگانی :-هەموو ئەو کەل وپەل وشت ومەك وئاژەل وخانوو ئۆتۆمبیل وبالەخانە ...هتد کە مرۆڤ بەنیازی کرین وفرۆشتن وبازرگانی پێوەکردنەوە بەکاریان دەبات .
٢- بەلای جمهوری زانایان زەکات لە مالی تیجارەت واجبە ،هەتا (ابن منذر) فەرموویەتی :-زانایانی ئیسلام کۆکن لەسەر ئەوەی ،ئەوکەل وپەلانەی بۆکرین وفرۆشتنە ئەگەر سالی بەسەردا سورایەوە زەکاتی لێ واجبە الاجماع ص ١٤.
هەروەها ابن قدامەی حەنبەلی فەرموویەتی:- المغني (٣/٣٠) واجب بوونی زەکات لەمالی تیجارەت ،لە ئیمامی عومەرو عبدالله ی کوری وئیبن عباس هاتووە،وە فەتوای حەوت زانابەرزەکەی مەدینەیە (الفقهاء السبعة) کە ئەم بەرێزانەن: (سعيد بن المسيب، وعروة بن الزبير، وأبو سلمة بن عبدالرحمن بن عوف، والقاسم بن محمد ابن أبي بكر الصديق، وعبيدالله بن عبدالله بن عتبة بن مسعود، وسليمان بن يسار، وخارجة بن زيد ابن ثابت) هەروەها فەتوای: الحسن، وجابر بن زيد، وميمون بن مِهران، وطاوس، والنَّخَعي، والثوري، الاوزاعي، والشافعي، وأبو عُبيد، وإسحاق، وأصحاب الرأي، وە مەزهەبی ئیمام ئەحمەدی

کوری حەنبەلە.

بەڵێ زۆربەی سەرچاوەکانی فیقە تەفسیر وفەرموودە بەڵگەی بەهێزو جۆراو جۆریان نەقل کردووە لە واجب بوونی زەکات لەماڵی تیجارەت ،تەنها مەزهەبی زاهیری خۆیان جیاکردۆتەوە ،بەلام ئەوانیش لە ئەسلی واجبی زەکاتە دەرنەچوونە بەلکو ئەندازەکەیان دیار نەکردووە ،ئەمەش دەقی قسەکانی (ئیبن حەزمە) لە کتێبی (المحلى ج٥ ص٣٤٩) (فهذه صدقةٌ مفروضة غير محدودة، لكن بما طابت به أنفسهم، وتكون كفارةً لِما يشوب البيعَ مما لا يصحُّ من لغوٍ وحلِفٍ) ئەمەش زەکاتێکی فەرزە بەلام سنوردار نەکراوە،بازرگانەکان بەدلخۆشی خۆیان دەیبەخشن بۆئەوەی ببێتە کەفارەتی خلت وناڕێکیەکانی هەلەو سوێندە سەرزارەکیەکانیان.

کەواتە ئیجماعی زانایان لەسەر واجبی زەکاتی ماڵی تیجارەتە دەرچوون لەم ڕێگایە نەهجی خەوارجەکانە.

زانایان زۆربەڵگەیان هێناوەتەوە لەسەر واجبی زەکات لەماڵی تیجارەت بۆ نموونە:-

١- يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَنْفِقُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا كَسَبْتُمْ وَمِمَّا أَخْرَجْنَا لَكُمْ مِنَ الْأَرْضِ (البقرة: ٢٦٧)

واتە :ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان هێناوە ببەخشن لەو شتە حەلال وپاکانەی بە دەستتان هێناوە (مەبەست بازرگانی یە) وە لەوانەی لە زەوی بۆمان دەرهێناون (کشت وکال و کانزاکان دەگرێتەوە).

٢-قال صلَّى الله عليه وسلَّم: ((إن اللَّه افترض عليهم في أموالهم صدقةً تؤخذ من أغنيائهم، فتردُّ على فقرائهم) البخاري (١٤٥٨)، ومسلم (١٩)، وأبو داود (١٥٨٤)، والترمذي (٦٢٥)، وابن ماجه (١٧٨٣)

خودا لە ماڵ و سامانیان سەدەقەیەکی (مەبەستی زەکاتە) لە سەر فەرز کردوونە

، لە دەولەمەندەكانیان وەردەگیرێت ، و دەدرێت بە هەژارەكانیان ، مال و سامان هەموو شتێكی بەنرخ دەگرێتەوە ،مالی بازرگانیش سامانە ..

٣- *فەرمودەی* :(**یا معشرَ التُّجَّارِ إنَّ البيعَ يحضرُهُ الحلِفُ واللَّغوُ فشوبوهُ بالصدقة**) **رواه** *ابوداود* ٣٣٢٦ *والنسائی* ٣٨٠٠

ئەی كۆمەلی بازرگانان ئەم مامەلەیە ،سوێند وقسەی نەشیاوی تێدەكەوێ ،بە سەدەقە پاكی كەنەوە .

مەرجەكانی واجب بوونی زەكات لەمالی بازرگانی

١- ئەو كەل وپەلانە بەنیەتی كرین وفرۆشتن بەكار ببات .

٢- نرخەكەیان بگتە ئەندازەی زەكات لیٚ واجب بوون .

٣- سالی بەسەردا سورابێتەوە .

چۆن زەكات لەمالی تیجارەت دەدرێت ؟

كەسالی كۆچی بەسەر دەستپێكی دەستكردن بەكارەكە سورایەوە ،هەرچی كەل وپەلی كرین وفرۆشتنە جەردیان دەكات ،و بەنرخی رۆژ و بەنرخی (جملە) دەیانقرسێنی (نرخداریان) دەكات ئەگەر مامەلەی بە جوملە بوو ،وە بە مفرد ئەوەی تەنها مامەلە بە مفرد دەكات ،وەلەگەل ئەو پارەی لەدەستیتی هەمووی كۆدەكاتەوە زەكاتەكەی لە ٢،٥٪ لە سەدا دوو و نیوە ،واتە لە هەر یەك ملیۆن دیناری عێراقی بیست و پێنج هەزار دینارە ،لە دەفتەرێك دۆلار دوو وەرەقەو نیوە . هەر چەند زیادی كرد بەم شێوە حیساب دەكرێت .

چەند تێبینیەك:

١- ئەو كەل وپەلانەی مرۆڤ بۆپێداویستی خۆی دەیكریٚ ،زەكاتی لێناكەوێت ،وەك ئۆتۆمبیلی شەخسی ،خانوو ،كەلو پەلی ناومال سەلاجە وكۆمبیوتەرو سبلیت و ....هتد .

٢-کارگەکان، کۆمپانیاکان ،دوکان و مۆڵ و دەواجن و بەنزینخانە و مولیدە ئەهلیەکان وشارەکانی یاری نەخۆشخانە ئەهلیەکان ،زەکات لەکەل وپەلەکان نادەن ،تەنها زەکات لەو شتانە دەدەن کە کرین وفرۆشتنی پێدەکرێت ،و لەو پارەی بەدەستیان دەکەوێت .

زەکاتی موچەی مانگانە (راتب الشهری)

زەکات بە دوو مەرج لە مووچەی مانگانە دەکەوێت :

١- پاشەکەوتەکە بگاتە ئەندازەی نیساب کە قیمەتی ٨٥ گرام زێری عەیار ٢٤ .

٢- سالی بەسەردا بسورێتەوە .

هەرکەسێك مووچەکەی بگاتە ئەندازەی زەکات و سالی بەسەردا سورایەوە ،دەبێت زەکات بدات کە ٢.٥٪ وە واتە لە هەر ملیۆنێك بیست وپێنج هەزار .

وە ئەوە تەنها فەرمانبەرە موچە بەرزەکان دەگرێتەوە کە دەتوانن بەشێکی پاشەکەوت بکەن ، بەلام ئەوانەی بەشیان ناکات و هیچی نامێنێتەوە ،زەکاتیان لەسەر نییە .

وەشێوەی دەرکردنی زەکاتەکەیان ،دەتوانن هەموو مانگ ئەوبەشەی بۆ پاشەکەوتی داناوە یەکسەر زەکاتەکەی بدات ، یان سالانە مانگێك دیار بکات ، هی هەمووسالەکە بدات .

زەکاتی پشکی کۆمپانیاکان (اسهم الشرکات)

خاوەن پشك کەسال بەسەر کرینی پشکەکانی سوراوە ، ئەوە نرخی پشکەکانی بەنرخی رۆژ لەگەل ئەو قازانجەی هاتۆتەسەری زەکاتی هەمووی دەدات وەك

مالی بازرگانی . چونكە هەر سامان و پارەیەك گەیشتە نیساب و سالی بەسەردا سوراوە ، زەكاتی واجبە.

زەكات دان بە ریَكخراوەكانی خیَر خوازی بۆ دابەشكردنی بەسەر ئەوانەی موستەحەقی زەكاتن ؟

ئەگەر ئەو ریَكخراوانە جیَگای باوەری بن، وە شارەزابن لە حوكمە شەرعیەكانی زەكات دروستە ،چونكە دەچیَتە بابەتی وەكیل گرتن ئەوەش دروستە ، وەلەكاتی پارەكەیان دەدەیتیَ پیَیان رابگەیەنە كە ئەوە زەكاتە نەك خیَر ،بۆ ئەوەی بگاتە موستەحەقی خۆی .

زەكاتی كان و كانزاكان

وما استخرج من معادن الذهب والفضة يخرج منه ربع العشر في الحال

وە ئەو زیَر و زیوەی لە كانەكان دەردەهیَنریَن ،ئەگەر پاكەكەی گەیشتە نیسابی زیَر و زیو دەبیَت یەكسەر زەكاتەكە بدات (سال سورانەوەی پیَویست نییە) . كە ئەندازەی زەكاتەكەشی چارەكی دەیەكە واتە : ٢،٥٪ لە سەدا دوو و نیو ە.

رونكردنەوە:

كانزا بەو شتانە دەگوتریَ كە لەناخی زەوی هەیە و دەردەهیَنریَت، جا هەیە رەقە ،بە ئاگر دەتویَندریَتەوە وەك : زیَرو زیو و ئاسن و مس و رەساس ....،وە هەیانە شلە وەك نەوت وقیر .... .

بەلای ئیمامی شافعی تەنها لەزیَر و زیو زەكات دەكەویَت چونكە نەختن ،بەلام لە

مەزهەبەکانی تر جمهوری زانایان لەهەموو کانزاکان دەکەوێت ،وەك :نەوت و گۆگرد و ئەلماس .. وە ئەو رایەش بە هێز ترە هەر وەك لەم ئایەتە پیرۆزە هاتووە : (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَنْفِقُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا كَسَبْتُمْ وَمِمَّا أَخْرَجْنَا لَكُمْ مِنَ الْأَرْضِ) ﴿البقرة: ٢٦٧﴾.

واتە: ئەی ئەوکەسانە باوەرتان هێناوە ببەخشن لە شتە پاك و حەلالانەی بە کەسابەت بەدەستتان هێناوە ،وە لەو شتانەی لە زەویدا بۆمان دەرکردوونە (هەموو کانزاکان دەگرێتەوە) .

لە راستی نەوتیش زەکاتی لیٚ واجبە ،چونکە نەختە ،وە پێشی دەگوتریٚ زێری رەش ،ئەگەر ولاتانی ئیسلامی تەنها زەکاتی نەوت بدەنە هەژارەکانیان هیچ کێشەکی ئابووری نامێنێت .

رۆژانە ولاتانی ئیسلامی نزیکەی ١٨ ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دێنن ئەگەر لە ٢.٥٪ بکەنە زەکات دەکاتە چەند ؟؟؟چۆن باسی هەژاری و کێشە دەکەن ،بەلام گەندەلی و زولم ولاتەکانی وێران کردووە .

زەکاتی گە نجینە شاراوەکانی پێش هاتنی ئایینی ئیسلام

وما يوجد من الركاز ففيه الخمس

وە ئەو زێر و زیوە شاراوانەی پێش ئیسلامەتی ئەگەر دۆزاوە ،وە دەگەیشتە نیساب ، دەبێت یەکسەر زەکاتی بدات (سال سورانەوەی پێویست نییە) وە ئەندازەی زەکاتەکەشی پێنج یەکە واتە: ٢٠٪ . واتە :چوار بەش بۆ خۆیەتی بەشی پێنجەم دەبێتە زەکات .

دەبێت ئەو گەنجینە هی پێش ئیسلامەتی بێت ،ئەگەر نیشانەی ئیسلامەتی لەسەر بوو وەك مالی وون بوو مامەلەی لەگەل دەكرێت .

وە دەبێت لە زەویەكی مولكی خۆی بێت ،یان لە زەویەك چیایەك بێت كە مولكی كەس نەبێت ،چونكە خاوەن مولك دەتوانی داوای بكات و دەبێتە مولكی ئەو .

زكاة الفطر

زەكاتی سەرفترە

وتجب زكاة الفطر بثلاثة أشياء :الإسلام ، وبغروب الشمس من آخر يوم من شهر رمضان ، ووجود الفضل عن قوته وقوت عياله في ذلك اليوم.

وە زەكاتی فیتر (سەرفیترە) بەهاتنە جێی سێ شت واجب دەبێت : موسلمانیەتی ، ئاوابوونی خۆری رۆژی كۆتایی رەمەزان ، زیاتر لە مەسرەفی خۆیی و مال و مندالی هەبێت بۆ شەوو رۆژی جەژن .

ويزكي عن نفسه وعمن تلزمه نفقته من المسلمين صاعا من قوت بلده وقدره خمسة أرطال وثلث بالعراقي .

وە موسلمان دەبێت سەرفترەی خۆیی و هەموو ئەو موسلمانانە بدات كە نەفەقەیان (بەخێو كردنیان) لە ئەستۆی ئەوە، وە ئەندازەكەشی بۆ هەر نەفەفەرێك ، یەك ربە خواردنە لە خواردنی زۆربەی خەلكی ناوچەكە بەكاری دێنی ، كە ئەندازەی پێوانی ربەكە دەكاتە پێنج رەتل و سێ یەكی رەتلێك بە

پێوانەی عێراقیەکان .

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ قَالَ: فَرَضَ رَسُولُ الله زَكَاةَ الفِطْرِ طُهْرَةً لِلصَّائِمِ مِنَ اللَّغْوِ وَالرَّفَثِ وَطُعْمَةً لِلْمَسَاكِينِ، مَنْ أَدَّاهَا قَبْلَ الصَّلَاةِ فَهِيَ زَكَاةٌ مَقْبُولَةٌ وَمَنْ أَدَّاهَا بَعْدَ الصَّلَاةِ فَهِيَ صَدَقَةٌ مِنَ الصَّدَقَاتِ. أخرجه أبو داود وابن ماجه حسن/ أخرجه أبو داود برقم (١٦٠٩)، وهذا لفظه، وابن ماجه برقم (١٨٢٧).

واتە زەکاتی سەرفترە هۆیەکە بۆ پاك بوونەوەی رۆژووگر لە تاوان وقسەی خراپ ،وە خواردنێکیشە بۆ هەژاران ،ئەوەی پێش نوێژی جەژن بیدا ئەوە زەکاتێکی قەبول کراوە ،وە ئەوەی دوای نوێژی جەژن بیدات خێرێکە لە خێرەکان .

وَعَنِ ابْنِ عُمَرَ رَضِي اللهُ عَنْهُمَا قال: فَرَضَ رَسُولُ الله, زَكَاةَ الفِطْرِ، صَاعاً مِنْ تَمْرٍ أَوْ صَاعاً مِنْ شَعِيرٍ، عَلَى العَبْدِ وَالحُرِّ، وَالذَّكَرِ وَالأُنْثَى، وَالصَّغِيرِ وَالكَبِيرِ، مِنَ المُسْلِمِينَ، وَأَمَرَ بِهَا أَنْ تُؤَدَّى قَبْلَ خُرُوجِ النَّاسِ إِلَى الصَّلاةِ. متفق عليه أخرجه البخاري برقم (١٥٠٣)، واللفظ له، ومسلم برقم (٩٨٤). واتە :پێغەمبەری خودا ﷺزەکاتی فیتری لەسەر موسلمانان فەرز کرد کە ربەیەك لە خورما ،یان ربییەك جۆ ،لەسەر ئازاد و کۆیلە ،نێرو مێ،بچووك وگەورە لە موسلمانان ،و لێە ئەمری کرد بدرێت (بە هەژاران) پێش ئەوەی خەلك بچێت بۆ نوێژی جەژن .

تێبینی:

بەلای ئیمامی شافعی دروستە لە سەرەتای رەمەزانەوە سەرفترە بدەیت .

وە ئەوەی لەبیری کرد یان نەیدا دەبێت ،قەزای بکاتەوە، وتۆبە بکات چونکە گوناهێکی گەورەیە.

سەرفترە پەیوەندی بەرۆژی جەژنە بۆیە ،موسلمان رۆژی جەژن لە کویٚ بوو ئەوا لە خواردنی ئەو شوێنە سەرفترە دەدات ،ئەگەر پارەی دا ، بەنرخی ئەوشوێنەی لێیبوو رۆژی جەژن پارە دەدات .

سەرفترە عیبادەتە لە کاتی دانی یان تەسلیم کردنی بە وەکیل دەبێت لە دلدا نیەتی سەرفترەت هەبێت ،وە ئەو کورو کچانەی بالغن کە خاوەن کار و مووچەن

ئەوانیش دەبێت ئیزنیان لێ وەربگیرێت و نیەت بێنن کاتێك باوك یا برا لە جیاتیان دەدات .
ئەوەی زیاتر لە پێداویستی خۆی و ئەوکەسانەی نەفەقەیان لەسەرە بۆ رۆژی جەژن ، ئەوە واجبە سەرفترە بدات ، بەلای جمهوری زانایان (مەزهەبەکانی شافعی ومالیکی وحەنبەلی) بەلام کەسێك هیچی نەبوو لە کرێی خانوو و پێداویستی جەژن سەرفترەی لەسەر واجب نییە .

تێبینی : بەلای هەندێك لە زانایان دروستە پارە لە جیاتی خواردن بدرێت ،ئەوانە پیرۆزی دەدەنە (مقاصد الشريعة) نەك لەفزەکان ئەمانەش :حەنەفیەکان المبسوگ ١٥٨/٢ ،ئیمام بوخاری باب العرض في الزكاة،عومەری کوری عبدالعزیز ،حسن البصری وە زۆری تریش مصنف ابن أبی شیبە ٣٧/٤-٣٨ .
زەکاتی سەرفترە بەلای جمهوری زانایان دەدرێتە هەشت چینەکەی زەکاتیان بۆ دروستە .

مصارف الزكاة

ئەوانەی زەکاتیان دەدرێتێ

وتدفع الزكاة إلى الأصناف الثمانية الذين ذكرهم الله تعالى في كتابه العزيز في قوله تعالى: (إنما الصدقات للفقراء والمساكين والعاملين عليها والمؤلفة قلوبهم وفي الرقاب والغارمين وفي سبيل الله وابن السبيل) وإلى من يوجد منهم ولا يقتصر على أقل من ثلاثة من كل صنف إلا العامل.

وە زەکات تەنها دەدرێت بەو هەشت تاقمەی کە خودا لە قورئانی پیرۆز و بەرز ناوی هێناون لە سورەتی تەوبە :(بەراستی زەکاتەکان تایبەتن و مولکی نەداران و هەژاران و........) .

١- الفقراء – نەداران –ئەوکەسەیە هیچی نییە ،نەمال و سامان نە کارو کەسابەتێك بتوانی پێی بژیت .

٢- المساكين : هەژاران ،هەژار ئەوکەسەیە ،شتێکی لە مال و سامان و کار هەیە بەلام بەشی ناکات ،بەم ئەندازە بەرێوە ناچێت .

٣- العاملون عليها:ئەو فەرمانبەرانەی کە دەولەت کاری کۆکردنەوە و دابەشکردنی زەکاتیان پێ دەکات ، ئەگەر موچەیان نەبوو لە زەکات بەشیان دەدرێت .

٤- المؤلفة قلوبهم : بۆ راگرتنی دلی ئەوکەسانەی تازە موسلمان بوونە ،یان ئومێدی موسلمان بوونیان هەیە ،یان بۆ ئەوەی موسلمان لە شەرو خراپەیان دووربن .

عومەری کوری خەتتاب لەسەردەمی خیلافەتی ئەم بەشەی راگرت ،گوتی : ئیسلام لەپەری شکۆ و سەربەرزییە ،منەتمان بەکەس نییە لەکەسیش ترسمان نییە.

بەلای ئیمامی شافعی وئیمامی مالیك ،ئەوانە زەکاتیان نادرێتێ ،بەلام زانایانی ئەو دوو مەزهەبە رێگایان داوە ،چونکی حوکمی ئایەتەکە بەردەوامە ،بەسەردەم و شوێن دەگورێت ، ئەوەش رای پەسەند و بەهێزە .

٥- فی الرقاب : بۆ ئازادی کردن لە کۆیلایەتی ،ئەگەر موسلمانێك کۆیلە بوو زەکاتی دەدرێتێ بۆ بە دەست هێنانی ئازادی ،خۆ کرینەوەی لە گەورەکەی .

٦- الغارمون : قەرز داران ،ئەوانەی لە پێناو بەرژەوەندی گشتی توشی قەرز بوون ،یان خۆیان توشی قەرزبوون جا لە رووداو و کارەسات ،گرنگ ئەوەیە لە رێگای شەرعی نەك لە رێگای حەرام و ریباو قومار توشی قەرزداری هاتبن ، وەکاتی دانەوەی قەرزەکەیان هاتبێ و نەیان بێت بیدەنەوە.

٧- فی سبیل الله : بۆ جیهاد و دابینکردنی پێداویستی موجاهیدان لە موچە و چەك و تەقەمەنی و خۆراك و پێداویست ،ئەوانەی خۆبەخشن لەلایەن دەولەت موچە وەرناگرن .

وە هەندێ لە زانیان دەلالەتێکی فراوانیان بە وشەی (سبیل الله) داوە ،زۆر شت دەگرێتەوە وەك : زانایان و قوتابیانی زانستی شەرعیش ئەگەر هەژاربوون ،لەبەر خەریك بوون بە زانست و خزمەت بە زانستی شەرعی دروستە زەکاتیان بدرێتێ ، هەروەها بۆ دروستکردنی رێگا و بان و نەخۆشخانە....

٨- ابن السبیل : رێبوار :ئەوکەسەی لەسەفەردایە و پارەی لێبرایە ، بەقەدەر پێویستی دەدرێتێ تا دەگاتەوە شوێنی خۆی ، بەمەرجێك لەسەفەرێکی حەلالی شەرعی بێت .

تێبینی:

أ-دروستە دەولەمەند پێش سورانەوەی سال ، زەکات دان بە پێش بخات وەك : پێغەمبەر رێگای داوە بە عەباسی مامی ، ئەمەش رای جمهوری زانایانە ، شافعی و حەنەفی و ئەحمەد .

ب – بەلای جمهوری زانایان (مالیکی وحەنبەلی و حەنەفی)مەرج نییە زەکاتەکەی بداتە هەر هەشت تاقمەکە ، دروستە بیداتە کەسێك یان چەند کەسێك ، بەلای ئیمامی شافعی ئەگەر زەکاتەکە دەولەت دابەشی دەکرد ،دەبێت هەر هەشت تاقم بگرێتەوە ، بەلام ئەگەر خاوەن مال دابەشی کرد
ئاساییە بیداتە کەسێك یان چەند کەسێك وا چاکە لە سیٚ کەس کەمتر نەبێت .
ج– گواستنەوەی زەکات لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر ،واچاکە دەولەمەند لەو شوێنەی تێیدا دەژیت زەکاتەکەی بداتە هەژارانی ئەو شوێنە ، ئەوە رای بە هێزە لای زانیان . بەلام ئەگەر لە شوێنێکی تر خەلکی موحتاج ترهەبوو بە تایبەت ئەگەر خزم بن ،یان لە شوێنێك کارەساتی سروشتی وپەتاو جەنگ هەبێت ، ئەوە دروست گواستنەوەی زەکات وە کردەوەی مەعاز لەیەمەن بەلگەیە کە زەکاتی لە یەمەن بۆ هەژارانی مەدینە هێناوە وەك لە سەحیح بوخاری هاتووە .

زەکات دان بە گە نجان بۆ هاوسەرگیری

ئەمرۆ بەراستی قەیرەیی لە ناو کوران و کچان تەنگی بە ولات چنیەوە ،ئایا دروستە هاوکاری ئەو گەنجانەی کە خەریکی هاوسەرگیرین بکرێت لە پارەی زەکات ؟؟؟؟
وەلام: ئەگەر گەنجێك دەستگیرانی هەبوو لەبەر نەبوونی دەسەلات نەیدەگوازتەوە ،دروستە زەکاتی بدرێتیٚ ،چونکە پێداویستی ژیان تەنها نان و ئاو جل وبەرگ نیە ،ژنهێنان و مێرد کردن لە پێداویتی تاك و کۆمەلگایە،بەلام دوور لە ئیسراف و حەرام، وەك حەفلەو هۆل بەکرێگرتن بۆ شایی و گۆرانی ؟؟؟؟
وە ئەو گەنجانەی ئامادەن هاوسەر گیری بکەن بەلام لەبەر (هەژاری) ناتوانن ئەوانەش دروستە دەولەمەندان بەپارەی زەکات هاوسەرگیریان بۆ رێك بخەن . لە زانایانی سەردەم (علی جومعە موفتی پێشووی میسر ، ئیبن باز و ئیبن

عوسەیمین) فەتوایان پێداوە . فتاوى الشيخ ابن باز٢٧٥/١٤. هەروەها تەماشای : ﴿مغني المحتاج ٤ /١٧٥﴾: "في فتاوى ابن البزري: أنه لو كان يكتسب كفايته من مطعم وملبس ولكنه محتاج إلى النكاح فله أخذها –يعني الزكاة– لينكح" لأنه من تمام كفايته.اهـ وهو ظاهر" انتهى.

بەڕێزان: بەمەرجێك ئەو ژنهێنانە لەئاستی عورف وعادەت شەرعی بێت ،دوور لە ناشەرعی وئیسراف .

زەكات دان بە نەخۆش بۆ چارەسەری

ئەگەر كەسێك مەسرەفی چارەسەری نەخۆشی نەبوو ، دروستە زەكاتی بدرێتیٚ ، چونكە چارەسەری و دەرمان بۆ نەخۆش وەك خواردن و نەفەقەیە .

زەكاتی پاداشتی كۆتایی خزمەت كەلە كاتی خانەنشینی وەردەگریت ،ئایا زەكاتی واجبە ؟

بەڕێزان: دوو بۆچوون هەیە : یەكەم دەلێت ئەگەر دەگەیشتەی ئەندازەی نیساب دەبێت زەكاتەكەی بدات كەوەری گرت ، چونكە ئەو پارەیە بەشەك بووە لە مووچەكەی بە ناوی (توقيفات تقاعدیه) لێیان گێراوەتەوە .

دووەم : زەكات لێدانی واجب نییە ،چونكە مولكایەتی تەواو مەرجە لە واجب بوونی زەكات ، ئەوەش نەهاتۆتە دی ،ئەم رایە بەلای من بەهێز ترە .

زەكات دان بە كەنالەكانی ئایینی ئیسلامی بلاو دەكەنەوە، یان چاپكردنی پەرتوك بۆ بانگەوازی ئایینی خودا

ئەو بابەتە لە ولاتێك بۆ ولاتێك حوكمەكەی دەگۆرێت، وە بەگوێرەی ئاستی پێویستی ئەو كەنالانە ،موفتی فەتوا دەدات كە پێویستن و زەكاتی بۆ دروستە یان نا . والله تعالى اعلم .

ئەوانەی زەکاتیان نادرێتێ:

وخمسة لا يجوز دفعها إليهم: الغني بمال أو كسب والعبد وبنو هاشم وبنو المطلب والكافر و من تلزم المزكي نفقته لا يدفعها إليهم باسم الفقراء .

پێنج کەس دروست نییە زەکاتیان بدەیتی :

١-دەولەمەند بە مال وسامان یان بە توانای کارکردن : هەرکەسێك بە قەدەر نیسابی زەکات پارەی هەبێت دروست نیە زەکاتی بدرێتێ، وەهەرکەسێك تواناو هێزی کارکردنی هەبێت ،تەمبەلی بکات و کارنەکات دروست نییە زەکاتی بدرێتێ.

وەك لەم فەرمودە هاتووە : (لا تَحِلُّ الصَّدقة لغنيّ، ولا لِذي مِرَّةٍ سَوِيّ) صحيح ابن ماجة ١٥٠١

واتە : زەکات حەلال نیە بۆ دەولەمەند و وەبۆ ئەوکەسەی بەهێز و توانایە (واتە کەسێك توانای کار و کەسابەتی هەبێت).

٢-کۆیلە : زەکاتی نادرێتێ چونکە نەفەقەی لەسەر گەورەکەیەتی .

٣-نەوەکانی هاشم و نەوەکانی موتتەلیب : خزمەکانی پێغەمبەر سەدەقەو زەکاتیان لێ حەرامە هەروەك لە پێغەمبەر حەرام بوو ، وە لەبەر ئەوەی لە بیت المال بەشیان هەبووە ، هەروەك لە فەرمودە هاتووە: (إن الصدقة لا تنبغي لمحمد ولا لآل محمد، إنما هي أوساخ الناس (وفي رواية) :وإنها لا تحل لمحمد ولا لآل محمد .(رواه مسلم .) زەکات دروست نییە بۆ پێغەمبەر و کەس وکارەکی پێغەمبەر ،بەراستی پیسی مالی خەلکە .

بەلام ئەمرۆ ئەوە نەماوە وە لە بیت المال بەشیان نییە ،ئەگەر هەژار بوون دروستە زەکاتیان بدرێتێ.

٤- کافر : کافر نایدرێتی چونکە زەکات تایبەتە بە موسلمانان .بەلام دروستە خێر و سەدەقەی سوننەتی بدرێتێ .

٥- وە ئەوکەسەی زەکات دەر بە خێو کردنی لە ئەستۆیەتی: وە کور و کچ و باوك و دایك و ژن .

دروست نیە ،پیاو زەکاتی بداتە دایك و باوکی ،وە کور و کچی کە لە مالەوە بە خێویان دەکات ،چونکە ئەوانە نەفەقەیان واجبە لەسەری .

هەروەها دروست نییە پیاو زەکاتی بداتە خێزانی خۆی چونکە نەفەقەی واجبە لە سەر مێردی ، بەلام دروستە لە مەزهەبی شافعی ئەگەر پیاو هەژار بوو ،ژنەکەی زەکاتی بداتیٚ بەبەلگەی فەرمودەی پێغەمبەر کە بە زەینەبی فەرموو خێزانی عەبدوللای کوری مەسعود: «زوجك وولدك أحق من تصدقت به عليهم» أخرجه البخاری.

واتە : مێردەکەت و مندالەکانت لەهەموو کەس شایستەترن لە وانەی زەکاتیان دەدەیتیٚ .

تێبینی :

_ دروستە کور زەکات بداتە باوکی یان باوك زەکات بداتە کوری ئەگەر لەبەر قەرزداری بوو، یان موجاهد بوو ،بەلام تەنها لەبەر بەخێو کردن دروست نییە زەکاتیان بدەنیٚ .نەوەوی لە مجموع ئاماژەی پێکردووە .

ئەوانە: ئەو (پێنج تاقمە) بە ناوی هەژار و نەدار زەکاتیان نادرێتیٚ (دروستە خێر و سەدەقەو دیاریان بدرێتیٚ) .

بەرێزان

بەوەندە کۆتایی پیٚ دەینم بۆ ئەوەی زۆر درێژ نەبتەوە وە مەسەلە وردەکان بۆ پەرتووکی تایبەت هەلدەگرین ،وە با زۆر لە مەتنەکە دوور نەکەوینەوە ،وە ئەوەی زۆر گرنگە دەولەمەند و مامۆستای ئایینی بیزانن ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرە :

(إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى لَمْ يَرْضَ بِحُكْمِ نَبِيّ وَلَا غَيْرِهِ فِي الصَّدَقَاتِ، حَتَّى حَكَمَ فِيهَا هُوَ،

فَجَزَّأَهَا ثَمَانِيَةَ أَجْزَاءٍ) رواه أبو داود.

واتە: بەراستی خودای بەرزو بالا لە حوکمی زەکاتەکان ، رازی نەبووە بەبریاری پێغەمبەر و هیچ کەسێکی تر ،تا بەخۆی حوکمی تێدا کرد ،وە کردی بە هەشت بەش.

بۆیە زۆر وردە مەسەلە هەیە لە زەکات ، دەبێت وریابین لە قسەکردن لە بارەیەوە ؟؟؟

واخر دعوانا ان الحمدلله رب العالمين

مەلا محمود محمد مجيد

مزگەوتی کۆمەلگای گەلالە

١٨ی رەمەزانی ١٤٤١